# دەزگای سیخوڕی پاڵتاکیشی گرتەوە

عەلی مەحموود ئەحمەد

پاڵتاک سیستمێکی ئانارشیستە خێر و شەڕی بۆ هەموو هێزێك هەیە، بەرو پریشکی بۆ هەموو لایەکە خۆلادان لێی مەحاڵە. داهێنەرانیش پریشکی ئەم سیستمەیەیان (PalTalk) بەرکەوتوە، تەنانەت نارەزایەتیەکانی دژی جیهان گیریش لێرەش سودی لێ وەردەگیرێت. ئەمە ڕاستیەکە کە هێشتا سیاسییە ساویلکەکانی کورد لێی تێ نەگەیون و نازانن جەماوەری کوردیش بەرفراوانتر کەڵك لەم سیستمە وەردەگرن بە قازانجی مۆدێرنیزەکردنی گۆمەڵگای کوردی و دروست کردنی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ئێستا ماڵپەرێکی وەك کوردستان نێت جەماوەری زۆر زیاترە لە جەماوەری ماڵپەری حیزبە دەسەلاَت دارەکان، ئەمساڵ بە کەڵك وەرگرتن لە ماڵپەری کوردستان نێت و ئەو ماڵپەرانەیش کە هاوکاریان کردین، لە ژووری پێشکەوتن خوازان توانرا کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال سازو وە گەربخرێت، کە بە شانازییەوە لە ماوەی 14 ساڵی ڕابردوو دا ڕادیکاڵترین گرووپی سەربەخۆ بووە لە دەرەوەی کوردستان لەم پێناوەدا دروست بووە.

ئێستا تاقمێك دەیانەوێت ڕێگەی ئازادی قسەکردن لە پاڵتاڵك دا لە هاولاَتیانی کورد بگرن و ئەم بلندگۆ ئازادەش لە خەڵك بسەننەوە کە (ناتوانن)، ناتوانن ڕێگە لە گەشەی تەکنۆلۆژیا و دیالۆگی مۆدێرن و شارستانی بگرن، نازانن دەوڵەمەند و مفلس بەیەك ئەندازە کەڵك لەم دەزگایە وەردەگرن، بگرە هەژاران و خەڵکانی ڕۆشنبیری دەرەوەی دەسەلاَتیش جەماوەر زیاتر گوێیان لێ دەگرێت وڕازوو نیازەکانی خۆیانیان بۆ دەردەبڕن.

بۆیە خەڵکانێك دەیانەوێت (هەندێکیشیان بە مەئمووریەت دێن) ڕێگە بگرن لەوەی کە ئەم سیستمە لەدەرەوەی ئازادی ئەوان بێت، پەنا بۆ تێکدان و چاو سوورکردنەوە و کرداری سیخوڕی دەبەن.

ئێمە لە ژووری پێشکەوتن خوازان تا ئێستا زۆر کێشەمان بۆ درووست کراوە، کۆرگێریان لێمان پەشیمان کردۆتەوە (ئازاد جندیانی) کێشەی هونەریان بۆ درووست کردین، لە دوا جاردا لە کۆری (دکتۆر جەبار و عەدنان کەریم) دا ژووریان لەسەرمان کوژاندەوە تا ژوورەکانی خۆیان پڕبێتەوە، کە ئەوەش سەربەرزیە بۆ کۆرگێران و ژوورەکەو و جەماوەر لە دەوریان کۆدەبنەوە، دوا کرداریشیان ڕۆژی 3/20 کارگەیشتە سەر تۆمارکردنی قسەو باسەکانی ناو ژوورەکە (بۆ سیخوڕی و فشارهێنان بۆ سەر ئازادی قسەکەران) کە دیارە لەوەو پێشیش ئەم کارە نامەردانە و ناجوامێرانەیان لە ژوورەکانی تردا ئەنجام داوە!!!!

ئەم کردارە لەگەڵ نەریتەکانی مافی مرۆڤ و پرنسیپەکانی پاڵتاك و ئەو وولاَتانەی تێیدا نیشتەجێین نایەتەوە، ئەمە تەنها میراتی بەعسیەکان و دەزگای ئیتلاَعاتەکانە.

بە هەموو پێوەرێکی دیموکراسی و ئینسانی دەبێ ئەنجامدەرانی ئەم کارانە ڕسوا بکرێن و سزا بدرێن.

بۆیە بەناوی ژووری پێشکەوتن خوازانەوە داوا لە سەرجەم ئازادیخوازان و پێشکەوتن خوازانی کوردستان دەکەین دژی ئەم سیخوڕانەی ناو پاڵتاك بوەستنەوە و ڕێگە لە پێشێلکەرانی ئازادی بیروڕا بگرن.

سەرکەوتوو بێت ئازادی سیاسی .

سەرشۆڕی بۆ سیخوڕی و ڕەفتاری سەرکوتگەرانە.

2002/3/22